# سیستانی ئەو خولەشی بردەوە!

**شاخەوان شۆڕش**

ستاتی دروستکراوەی ئێراق تووشی گێژاوی ئاژاوە, کاری تیرۆریستی و ناکۆکی هەمەچەشنە بووە. ئەمە لەلایەک بووەتەهۆی نیگەرانیەکی زۆری ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی, کە مەبەستیانە ئاسایش و ئارامی لە ئێراقدا بچەسپێنن, بەمجۆرە تروسکایەکی پۆزەتیڤ لە پرۆسەکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیان بە جیهان پیشان بدەن. لەلایەکی دیکە هێز و پشتگیریەکی واتادار دەدا بە هەموو ئیسلامیستەکان و دژە ئەمەریکایەکان بەگشتی. ئەوەی لەوناوە هەوڵی داوە سوود لەم باروو دۆخە وەربگرێت و زیرەکانە بۆ مەبەستی خۆی بەکاری بهێنێ, ئایەتوڵای بەڕەگەز ئێرانی سیستانییە. سیستانی ئایەتوڵای خاوەن زۆرترین پشتگیری لەناو موسوڵمانە شیعەکانی ئێراقدا, بەردەوامە لە یاریەکەی خۆی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش کاریگەری لەسەر بڕیارە رامیاریە چارەنوسسازەکانی پەیوەستدار بە ئێراق زیاتر دەبێت. ئەو سیستانیەی بەر لە ڕوخانی سەدامی دیکتاتۆر ناوێکی ئەوتۆی نەبوو و لە گەمە ڕامیاریەکان شوێنێکی ئەوتۆی نەبوو, ئێستا وەک بەهێزترین ئەکتەری گۆڕەپان ڕۆڵ دەبینێ.

سیستانی وەکو ئایەتوڵاییێکی ئیسلامیست هەوڵی چەسپاندنی ئامانجە ئیسلامیستیەکانی خۆی هوشیارانە دەدات و تائێستا ڕەوتەکە بەگوێرەی بەرژەوەندی ئەو خولاوەتەوە. سیستانی توانی لە خولی یەکەمدا ئەمەریکایەکان بەلای خۆیدا بکێشێ و وابکات کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش پشتگیری داخوازیەکانی ئەو بکەن. ئەو سەرەتا توانی کاریگەری خۆی بخاتە سەر دەستورە کاتیەکە و هەموو بڕگە و خاڵە سکولارئامێزەکان بە ئیسلام دەورە بدات و پاشەکشە بە گەلێ لە داواکاریەکانی کوردەکان بکات. بەڵام سیستانی هێشتا بەدڵی نەبوو و بەپێی تێڕوانینی ئەو, کوردەکان زۆریان بەرکەوتبوو, بۆیە ئەو دژی هەندێ بڕگە و خاڵی پەیوەستدار بەکورد وەستا و هەوڵی هەڵوەشانەوەی دان. سیستانی لە بڕیارەکەی **1546**دا ئەو ئاواتەی هاتەدی. ئەو توانی وابکات تەواوی دەستورە کاتیەکەی ئەنجومەنی حوکم بەلاوە بنرێ و لە بڕیاری **1546** ی یوئێن ئاماژەی بۆ نەکرێت و بە هەند نەگیرێت. بەمجۆرە سیستانی بە هاوکاری براهیمی شۆڤینی و نەتەوەپەرست, توانی ڕۆڵی کاریگەر لە ڕەشکردنەوەی ئەو کەمە دەستکەوتەی کە کوردە ئێراقچیەکان بەدەستیان هێنابوو, ببینێ. ئەمەریکاییەکان بۆ پەیداکردنی ڕەوایەتی و پشتگیری بوونیان لە ئێراقدا پەنایان بۆ زۆر ڕێگا بردووە, ئەوان گەرەکیانە ئارامی و ئاسایش بەهەر نرخێکی گونجاو بەدەست بێنن. چونکە ئەمەریکا جگە لەهەوڵدان بۆ پەیداکردنی پشتگیری جیهان و نەهێشتنی ناتەبایی لەگەڵ فەرەنسا و ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی دژە جەنگ, چارەنووسی هەڵبژاردنەوەی بۆش و بەڕێوەبەرایەتیەکەی بۆش بە ڕادەی سەرکەوتنی ئەمەریکا لە ئێراقدا بە شێوەیەکی سەرەکی بەندە. هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەمەریکا هەوڵیدا ڕێگای زیاتر بە یوئێن لە دروستکردنەوەی ئێراقدا بدات, بۆیە ڕێگای بە نوێنەری یوئێن دا, ڕۆڵی دیار لە داڕشتنەوەی ستاتی ئێراقدا ببینێ. چونکە پشتگیری یوئێن لە پرۆسەی داڕشتنەوەی ئێراقدا یەکسانە بە پشتگیری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ ئەمەریکا لەکارەکەی. لەبەدبەختی کورد ئەو نوێنەرەی یوئێن ئەخزەر ئیبراهیمی عارەبی نەتەوە پەرست بوو, کە وەک هەر عارەبێکی دیکەی نەتەوەپەرست, هەوڵی دروستکردنەوەی ئێراقێکی عارەبی دا و شانبەشانی سیستانی هەوڵیان بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی کوردە ئێراقچیەکان دا, دیارە تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووش بوون.

وەکو ئاشکرایە سیستانی بەناوی نەخۆشی ماوەیەک لە ئێراق دوور کەوتەوە, کە لەڕاستیدا ئەم دوورکەوتنەوەیە دەکرێ پرسیاری لەبەرامبەردا دابنرێت. لەم ماوەیەدا موقتەدای فەرخە ئایەتوڵا دەستی دایەوە چەک و لە ئەمەریکاییەکان و حکومەتەکەی عەلاوی هەڵگەڕایەوە. دەکرێ گەلێ لێکدانەوە بۆ ئەو ئاژاوەیەی موقتەدا بکرێت, لەوانە دەکرێ هەڵگەڕانەوەی موقتەدا لەبەر ئەوە بێ کە ئەو مەبەستی بوو دوورکەوتنەوەی سیستانی بقۆزێتەوە و وابکات شوێنی ئەو و قورسایی ئەو لە ناو کومەڵگەی شیعەدا بە شێوەیێ لەشێوەکان بۆ خۆی بەدەست بهێنێت. ئاشکرایە لەناو کۆمەڵگەی شیعەی عێراقدا چەند باڵ و گروپی جیاواز هەن و هەریەکەیان ئەگێندای خۆی هەیە و ململانێش لەسەر دەسەڵاتی ئاینی و ڕامیاری لەنێوانیاندا هەیە. گومان لەوەدا نییە هەوڵی موقتەدا بۆ پەیداکردنی دەسەڵاتی ئایینی و ڕامیاریە و ئەو مەبەستیەتی لەم ڕێگایەوە زۆرترین پشتگیری بۆ خۆی پەیدا بکات و بەمجۆرە بگاتە دەسەڵاتێکی بەهێزی کاریگەر لە ئێراقدا. موقتەدا بە هیچ جۆرێک مەبەستی ئەوە نییە لە پێناوی ئێراق و بەرگری لە ئێراقدا خۆی بەکوشتدا و لەناو بچێ. ئەوە تەنها پۆلیتیکی گەیشتن بە ئامانجە هەنوکەیەکەیەتی. بەڵام وەکو دیارە موقتەدا وەکو سیستانی ڕامیارێکی هوشیار نییە, ئەو ئامانجەی ئەو هەوڵی بۆدا بەو جۆرە نەکەوتەوە کە ئەو دەیویست, بۆیەش ئێستا ئەو لە هەوڵی خۆ ڕزگارکردنە لەو تەنگژەیەی کەتێی کەوتووە. موقتەدا ڕێگای توندوتیژی و دژایەتی توندی ئەمەریکای گرتۆتەبەر, ئەوەش ڕێگایەکە ئەمەریکایەکان بەهەموو شێوەیەک دژی دەبنەوە و هەوڵی لەناوبردنی دەدەن. دیارە بەئەگەری زۆر موقتەدا ئەو یاریە دەدۆڕێنێ. بەڵام وەک پێدەچێ هەموو بڕیار و کردەوەیەکی موقتەدا لەدەست خۆی نییە و لایەنی دەرەکی ئەوەیان لێی گەرەکە. بەڵام ئەو ئاژاوەیەی موقتەدا نایەوە (دیارە نائارمی هەر تەنها بەهۆی موقتەداوە نییە), خۆ هاویشتنە مزگەوتی عەلی و کۆکردنەوەی سوپاکەی مەهدی لە شاری نەجەف و مزگەوتی عەلی, کێشەیەکی وای دروستکرد تەواو لەبەرژەوەندی سیستانی دابوو. بەمجۆرە سیستانی دەرفەتێکی دیکەی گونجاوی بۆ پۆلیتیکی ئیسلامیستانە و شۆڤینیانەی خۆی دەستکەوت, دەرفەتێک کە ئەو بتوانێ لەڕێگایەوە کاریگەری خۆی لە داڕشتنی بڕیارە ڕامیاریە چارەنووسسازەکاندا بەتەواوی بچەسپێنێ.

سیستانی بەرلەوەی بگەڕێتەوە دووپاتی ناڕەزایی خۆی سەبارت بە دەستوری کاتی و خاڵی جیم کردەوە. ئەو دووپاتکردنەوەیە واپێناچێ هەروا لەخۆڕا بێت. سیستانی تاڕادەیەکی زۆر دەیزانی ئەو دەتوانێ ئەو ئاژاوەیەی نەجەف بە شێوەیێ لە شێوەکان کۆتایی پێبێنێ, بەمجۆرە گرنگی پێویستی بوونی خۆی بۆ ئێراقێکی ئارام بە ئەمەریکاییەکان پیشان بدات, بەمجۆرە ڕێگا خۆشکات بۆ سەپاندنی بەرژەوەندیە ئیسلامیەکانی خۆی.

وەکو ئاشکرایە سیستانی گەڕایەوە نەجەف و ئاگربەس و ئارامی لەو شارەدا هاتەئاراوە. دیارە سیستانی ئەگەر حەزیش بەچارەی موقتەدا نەکات, واناکات موقتەدا لێی هەلگەڕێتەوە. ئەو ئارامییەی بەهۆی بوونی سیستانی هاتەئاراوە, بردنەوەیەکی ڕامیاری گرنگە بۆ سیستانی و وادەکات لە داڕشتنەوەی ئێراق دەسەڵاتی زیاتری پێبدات. سیستانی تاڕادەیەکی زۆر ئاگاداری پۆلیتیکی ئەمەریکا و مێنتالی بیرکردنەوەی ئەمەریکاییەکانە, بۆیەش بەشێوەیەک هەڵسوکەوت دەکات کەلەگەڵ ئەو ڕەوتەی ئەمەریکادا گونجاوە. بۆنمونە ئەو خۆی ناپەڕگیرانە دەخاتەڕوو و دەڵێ من لەگەڵ توندوتیژیدا نیم و دەبێ کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن, یا دەڵێ نابێ ئایینی ئیسلام تێکەڵی بەڕێوەبردن و پۆلیتیک بکرێت (ئەوە بەدڵی ئەمەریکاییەکانە), بەڵام لەهەمان کاتدا و لەو دیوی شانۆی بڕیارەکاندا هەوڵی چەسپاندنی ئامانجە ئیسلامیەکانی خۆی دەدات و هەوڵ بۆ ئەوە دەدات ئێراق لە ڕەوتی ئیسلامی و عەرەبیانەی دوور نەکەوێتەوە. واتە هەروەکو لە دەستوورە کاتیەکە دیتمان, ئایینی ئیسلام سنوری بۆ یاساکان دانابوو, بۆیەش یاسا کاتیەکە نە لەبواری مافەکانی مرۆڤ نە لە بواری دیموکراتیزەکردندا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست هێنابوو. لەڕاستیدا ئەوە کەوتنێکی ئەمەریکاییەکان بوو لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنەکەیاندا (ئەوە ئەگەر ئەوان بۆ دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە هاتبن, وەکو خۆیان بانگاشەی بۆ دەکەن).

هەرچۆنی بێ ئەو سەرکەوتنەی ئەمجارەی سیستانی واتای بەهێزتربوونی نۆرم و یاسای ئیسلامیانەیە لە ئێراقدا, لەلایەکی دیکە بەهێزتربوونی ڕەوتی ڕەگەزپەرستانەی عارەبیە بەتایبەتی دژ بە کورد.

ئەمەریکا لەهەموو کات زیاتر پێویستی بە ئارامی و ڕێکراگری لەئێراقدا هەیە, بۆیە هەموو هەوڵێک بۆ ئەم مەبەستە دەدات. چونکە: یەکەم, ئارامی لە ئێراقدا پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق بەگەڕ دەخات. دووەم, پشتگیری بڕێوەبەرایەتی بۆش زیاتر دەکات, دیارە ئەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی بۆش زۆر پێویست و گرنگە کە لەبەردەم هەڵبژاردنێکی نوێدایە. سێیەم, هاتنی یوئێن ئاسان دەکات و بەمجۆرە پشتگیری جیهانی بەهێزتر دەکات. چوارەم, وادەکات ئێراق لە نزیکترین داهاتوودا دەست بە دانەوەی خەرجیە قەبەکانی ئەمەریکا بکاتەوە هتد.. بۆیە ئەمەریکا لای پێویستە و گرنگە ڕەزامەندی سیستانی بەلای خۆیدا بکێشێ, بەمشێوەیە کارێ ناکات سیستانی لەخۆی تورە بکات. ئەوەش بۆ سیستانی دووشەشە. دیارە ئەوەی سیستانی دەیەوێ تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ بەژەوەندی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و وڵاتانی عارەبی و زلهێزەکان گونجاوە. بۆیەش بەهێزبوونی سیستانی واتە مەترسی زیاتر, لەلایەک لەسەر داواکاریەکانی کوردە عێراقچیەکان, لەلایەک لەسەر بەرژەوندی ناسیونالیستانەی کورد بەگشتی.

بەهۆی ئەوەی سەرانی یەکێتی و پارتی ڕێگای بەغدایان هەڵبژارد و بەیەکەوژیانیان لەگەڵ عارەبان پێ باشترین چارەسەرە و سەرداری عارەبانیان پەسندە, ئەوان ناچارن لەو گۆڕانانە بەخۆ بکەون و هەنگاو بنێن. بەڵام شتێ دیار نییە ئەوە دەربخات. بەداخەوە لە کوردستان وەکو نەبایە و نەباران هەر میرنشینە و لە ئاشێک لێدەکات و وەکو ڕێژەی نەگۆڕ وان. کوردستان هەر پارچەیە و ڕەوتی داسەپێنەرانە و نادیموکراسیانەی بارزانی و تاڵەبانی درێژەی هەیە.

بەکورتی بەهێزبوونی سیستانی بەلایەنی کەم دوو واتای روونی هەیە: یەکەم بەهێزبوونی نۆرم و یاسای ئیسلامی, بەمجۆرە پاشەکشە بە دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ. دووەم, بەهێزبوونی ڕەوتی دژە کوردستانی و شۆڤینی عارەبی, بەمجۆرە پاشەکشە بە کورد و بەرژەوەندیەکانی.

**دانیمارک 2004.8.27**